## هیچ ڕێگایەک لە پێش خەزرەجی نەمایەوە ، تەنها ڕێگای دادگا نەبێت

*کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی*

*ئەحمەد عەزیز ـ 5\|9\| 2002*

*ئەنجامی ساڵێک ، خەبات و تێکۆشانی بوونە هۆی ئەوەی ، هەموو دەرگاکان بە ڕوی نەزار خەزرجی دا ، دابخرێت و ، تەنها ڕێگای دادگایی دانمارکی لە پێش بمێنێتەوە.*

*لە سەرەتای شەش مانگی یەکەمی ئەم پرۆسەیە ، بە چڕی لە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی (کوردی ، عەرەبی ، ئەوروپی ، ئەمریکی)باس ئەوە دەکرا ، خەزرەجی کاندید کراوی سەرۆکی ئایندەی عێراقە و چەند جارێکیش لە ناونیشانی ڕۆژنامە نێودەوڵەتیەکان بەوە ناوی دەبرا ، گوایە هەڵبژێردراوە ، بۆ بینینی ڕۆڵی کارزای لە عێراق .*

*زۆر کەم بوون ئەو کەسانەی تێڕوانینی پێچەوانەیان هەبوبێت لە نێو سیاسەت مەدار و ڕۆناکبیرانی گەلەکەمان ، بەو کەسانەشەوە کە ئیدعای سەربەخۆی و بێ لایەنی دەکەن لە ئەوروپا ، کە هەڵوێستی ڕوونی خۆیان دەربڕیبێت لە مەڕ دادگایی کردنی خەزرەجی ، جگە لە چەند کەسێک نەبێت ، کە نمونەی هەرە گەورەیان بەڕێزان د.جەبار قادر و د.مەحمود عوسمان و د.بورهان یاسین بوو ، بێ ئەوەی حسابی ئەگەری باشە ڕۆژو مسۆگەر کردنی بەرژەوەندێکانی ئایندەیان بکەن .*

*نەزار خەزرەجی ، دۆز و باری بە شێوەیەک سەخت بووە ، شپرزەیی و ڕاڕای پێوە دیارە ، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لە گەڵ کەناڵی MBC لە (11\|11\|2001) ڕایگەیاند ، ئەو بە شانازییەوە سەرۆکایەتی ئایندەی عێراق وەردەگرێت ، گەر خەڵکی عێراق ئەو شەرەفەی پێ ببەخشن ،کە چی پاش ئەوەی نائومێد بوو ، لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەری 2002 لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ ڕادێوی BBC دەڵێت ، ئەو نیازی نییە سەرۆکایەتی حکومەتی ئایندەی عێراق وەرگرێت و پێی باشە ڕۆڵی ئەو ، تەنها لە چوارچێوەی سوپادا بێت .*

هەروەها ، وەک کاردانەوەیەک لە ئەنجامی ئەوەی بانگهێشت نەکرا بۆ کۆبونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لەندن و واشنتۆن ، لە مانگی 9،7\2002 و خرایەوە پەراوێزەوە ، لە ماوەی یەک هەفتەدا ، پێکهێنانی ئەنجومەنێکی سەربازی ڕاگەیاند(لەو کەسانەی یەک ڕابردوویان هەیە) و لە چاوتروکاندنێکا هەڵوەشایەوە .

وەک هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابووە گرنگی بۆ کەسایەتی خۆی دروست بکات ، ئێستا لە دواین هەوڵیدا لەو ڕووەوە کتابێکی ئامادە کردووە و بە قسەی خۆی گوایا لە ژێرچاپدایە و ، لە بەر گرنگی ناوەڕوکی ئەو کتابە و ئەو نهێنیانەی ئاشکرا دەکرێت تیای ، چاپخانەکە ناوێرێت ناوی خۆی لە سەر بنوسێت ، بڵاو کردنەوەی کتابێک لە لایەن خەزرەجی لەم کات و ساتەدا چەند مەبەستێکی تیا بە دی دەکرێت ، لە لایەک بۆ دەرخستنی ناوی خۆی لە میدیاکانی جیهاندا جارێکی تر ، پاش ئەوەی خراویە پەراوێزەوە ، هەروەها بۆ پاکانە کردن لە خۆی ، لەو تاوانانەی ڕژێمی عێراق ئەنجامی داوە لە لایەکی تر ، وەک وەڵامێکیش بۆ ئەو گومانانەی خراونەتە سەری ، سەبارەت بە ئاشکرا نەکردنی بڕێکی زۆر لە زنیاری و نهێنییەکانی ڕژێمی عێراق تا ئێستا .

ڕۆژنامەی (Ekstrabladet) ڕۆژی 15\6\2002 ، لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی ، ئەمریکا دەتوانێت نەزار خەزرەجی بە سزا بگەیەنێت ، لەو لێکۆڵینەوەیەدا ، ڕۆژنامەی ناوبراو ، ڕاپۆرتێکی ئیستخباراتی ئەمریکای ئاشکرا کرد ، کە مایسی 987 ، بەشی هەواڵگری لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغداد ، ئامادەیی کردووە و ناردوویەتی بۆ دەزگایی CIA و NSA ، ئاشکرا کردنی ئەو ڕاپۆرتە ئەوە دەسەلمێنێت ، کە ئەمریکا بەر لە ساڵێک لە دەست پێ کردنی هێرشەکانی ئەنفال ، ئاگاداری بە کارهێنانی گازی ژەهراوی بووە لە دژی گەلی کورد و ، ئەو ڕاپۆرتە ئاماژەی بە ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی نەزار خەزرەجی کردووە لە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژی گەلی کورد و باسی ئەوە دەکات ، کە نەزار خەزرەجی و سەربازەکانی ، بە شێوەیەکی زۆر ترسناک ئامادە کراون و بینراون لە کوردستان بە کڵاو وجلوبەرگی پارێزگاری لە گازی ژەهراوی ، لەو کاتەی نەخۆشخانەکانی کوردستان ، بە هەزاران قوربانی چەکی کیمیاوی لێ بووە .

لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی ڕۆژنامەنووسی دانمارکی (NIELS WESTBERG) دا ، هاتووە :- بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی سەفارەتی ئەمریکا کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا ، هەروەها کاسێتێکی ڤیدیۆ ، کە فەرماندەی فەیلەقی 5 یونس محمد الزرب قسە دەکات و هێرشەکانی ئەنفال هەڵدەسەنگێنێت ، لە گەڵ کاسێتێکی دەنگی عەلی کیمیاوی ، ئەمانە هەموی دەیسەلمێنن کە نەزار خەزرەجی لە هاوینی 988 دا ، پەیوەندی چڕ و نهێنی هەبووە لە گەڵ عەلی کیمیاوی سەبارەت بەو شاڵاوە دڕندانەی کراونەتە سەر کوردەکان .

ڕۆژی 15 August 2002 ڕۆژنامەی (Ekstrabladet) ، لێکۆڵینەوەیەکی تری بڵاو کردەوە بە ناونیشانی : باسی تاقی کردنەوەی ژەهراوی لە سەر مرۆڤ نەکردووە ، تاونبارکردنی نوێی کۆنە سەرەک سوپای سەدام ، نەزار خەزرەجی کە ئێستا خۆی لە شاری(Sorø)ی وڵاتی دانمارک شاردۆتەوە ، بە تەواوەتی ئاگادار بووە لە پلانی تاقی کردنەوەی چەکی کیمیاوی لە سەر دیلە کوردەکان لە ساڵی 1989.

هەفتە لە دوای هەفتە بەڵگەنامەی نوێ دەگەنە داواکاری گشتی(مدعي عام)ی دانمارک سەبارەت بە تاوانەکانی نەزار خەزرەجی لە دژی کوردەکان ، بە پێی هەندێ بەڵگەنامەی نهێنی نوێ ، کە لە لایەن سەرۆکایەتی سوپای عێراقەوە دەرچووە ، دەیسەلمێنن کە ساڵی 1989 ، چەکی کیمیاوی داهێنراوی نوێی(گازی VX) ، لە سەر دیلە کوردەکان تاقی کراوەتەوە ، (گازی VX) زۆر ترسناک و کوشندەیە و سەد جار لە گازەکانی تر کاریگەر و کوشندەترە و لە جیهاندا وەک چەکێکی کۆمەڵ کوژ دەناسرێت .

پۆشینی تاوانەکان : ئەم تاقی کردنەوانە لە یەکەی سەربازی 513 لە نزیک کامپی سوێرە لە باشوری عێراق ئەنجام دراوە ، هیچ جێگای بڕوا نییە کە خەزرەجی وەک سەرەک سوپای عێراق ئاگاداری ئەو تاقی کردنەوانە نەبوبێت ، ئەشێت بڵێ من فەرمانی ئەو تاقی کردنەوانەم نەداوە ، بەڵام بەڵگەنامەکان وا دەردەخات کە خەزرەجی ئاگاداربووە ، بێ دەنگ بوونیش لە سەر زانینێکی نایاسای وا ، تاوانێکی گەورەیە .

لە پەیوەندییەکی ڕۆژنامەی (Ekstrabladet) لە گەڵ د.حوسێن مەدەنی ، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بەڵگەنامانە ، کە عێراقییەکی ناسراوە و پسپۆری فیزیکی زەرەیە ،

تـا سالـی 979 سـەرۆکی پرۆگرامی زەرەی عێراق بـووە و ، ئێستـا لـە لەندەن دەژێت ، د.حوسێن مەدەنـی 10سـاڵ زیندانـی کـراوە لـە سـەر ئـەوەی رەتـی کـردۆتەوە ، کـە بەشداری بکات لـە پەرەپێدانی فیزیکی زەرە بۆ مەبەستی شەر ، بە پێی هەڵسەنگاندنی د.حوسێن مەدەنـی ، کـە لـە عێراقدا لـەو بوارە کاری کردووە و شارەزایە ، دەڵێیت : ئەو بەڵگەنامانە راستن و هیچ جێگای گومان و دوو دڵی نیین .

رۆژنامە نووسـی دانمارکی (NIELS WESTBERG ) ، کە وەک ئەرکێکی رۆژنامەگەری خۆی ، دۆسییەی خەزرەجی لە ئەستۆگرتووە لە رۆژنامەی(Ekstrabladet) ، لە دوا راپۆرتی دا دەربـارەی خەزرەجـی رـۆژی 24\September\2002 بـلاوی کـردەوە ، بـە ناونیشـانی : خەزرەجی خـرابە پەراوێزەوە ، لـە درێژەی ئـەو راپۆرتەدا هاتووە ، خەزرەجی چیتر وەکو پێشـوو گـەرم و گـور نابـێت ، بـۆ ئـەنجام دانـی کـودەتایەک لـە دژی سـەدام و ، هەڵسـەنگاندنەکان دەربارەی رۆڵی نوێی سەرەک سوپای پێشوی عێراق نەزار خەزرەجی ، وا دێنە بەرچاو کە نەزار خەزرجی چی تر هیچ رۆڵێکی پێ نادرێت لە دژی سەدام .

لـە پەیوەندییەکی رۆژنامەی(Ekstrabladet) ، لە گەڵ (حیدر موسوی) وتەبێژی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی (INC) لە لەندەن ، بۆ زانینی رۆڵی خەزرجی لە ئایندەی عێراق وتی : خەزرەجـی ، ئێسـتا بەتەنـیا ماوەتـەوە و هەوڵـەکانی سـەری نەگـرت بـۆ دامەزراندنـی جولانەوەیەکـی سـەربازی و لەمـە بـەدوا ، خەزرەجـی هـیچ رۆڵـێک نابینـێت ، چـونکە رابردوویەکـی پـر لـە گیروگـرفتی هەیـە و تاوانـبارە بـەوەی بەشـداری کـردووە لـە هێرشـەکانی بە نـاو ئـەنفال بۆ سەر کوردەکان ، کە زیاتر لە 182هەزار خەڵکی سیڤیلی کـورد بێسەروشـوێن کـران و چەکـی کیمیاوی لـە دژیـان بـە کارهێنـرا ، هـەروەها وتـی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی(INC) ، کە چەند رێکخراوێکی گەورەی کوردی تیایە ، نەزار خەزرەجی رەتکردۆتەوە بۆ بینینی هەر رۆڵێک لە ئایندەی عێراق .